Middle East Research Institute

www.meri-k.org

# سەرنجی سیاسی

١٩ ئاداری ٢٠١٨ – بەرگی ٤، ژمارە ١٨

*یاسر کوتی
*خۆگر وریا

# ئاسۆی ئاشتەوایی نێوان کورد و شیعە لە عێراق

*ئاشتەوایی نیشتیمانی لە نێوان پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی عێراق پێشمەرجێکی سەرەکییە بۆ کۆتایی هێنان بە توندتویژی و بەرقەرارکردنی ئاشتی و خۆشگوزەرانی لە وڵاتدا. پێشمەرجێکی خێرا بۆ ئاشتەوایی بریتییە لە پابەندبوونی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم بە دەستور و سەلماندنی کاراییان لە دابینکردنی خزمەتگوزاری و ئاسایش و هەلی کار*

لەگەڵ شکستپێهێنانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە ڕووی سەربازیەوە، حکومەتی عێراقی هەوڵدەدات گرنگی بە بەدیهێنانی سەقامگیری و بوونیاتنانەوەی ژێرخانی وێرانکراو و گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان بدات. بەڵام، دارشتنی ستراتیژێکی نیشتیمانی تۆکمە و شیاوی جێبەجێکردن لە نێوان کۆمەڵگا ئیتنی و ئاینیە جیاجیاکان، لە ڕێی میکانیزمی گونجاو بۆ بەدیهێنانی متمانە، بەهەمان ئاست گرنگە.

هەڵبەتە بەهۆی پەیوەندیە مێژووی و شەراکەتە سیاسیەکەی نێوان شیعەو و کورد، ئاشتەوایی لە نێوان ئەو دوو پێکهاتەیە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری لە عێراقدا. بێگومان بەبێ نزیکبوونەوەی ئەم دوو لایەنە، زاڵبوون بە سەر بەربەستەکانی داهاتوو کارێکی ئەستەم دەبێت لە عیراقدا. لەم دیدەوە، بە دەستپێشخەری ئینستیتیوتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری) و بەهاوبەشی لەگەڵ سەنتەری رافیدەین بۆ گفتوگۆ، لە ڕۆژانی ٢٨/ شوبات و ١/ئازاری ٢٠١٨ زنجیرەیەک کۆبوونەوە و مێزگرد لە نێوان نوێنەرانی پارتە سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستان و هاوتا شیعەکانیان لە شاری نەجەف ئەنجام دران. کەسایەتی ئاینی و ئەکادیمستان و نوێنەرانی پارتە سیاسیەکان و ئەندامانی پەرلەمان لە هەرێمی کوردستان و بەغدا ونەجەفەوە ئامادەی کۆبوونەوەکان بوون.

سێمیناری یەکەم لەژێر ناونیشانی "داهاتوی حکومڕانی لە عێراق: قەیرانەکان و دەرفەتە هاوبەشەکان"، و مێزگردی دواتر لە ژێر ناونیشانی "ڕۆڵی بڕیاربەدەستان و توێژی دەستەبژێری سیاسی لە دروستکردنی متمانە لە نیوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراقی" بەڕێوەچوون. هەروەها ئەندامانی شاندەکەی هەرێم سەردانی ئایەتوڵڵا بەشیر ئەلنەجەفیی، یەکێک لە گەورە مەرجەعەکانی شیعە، و سەید عەلاء ئەلموسەوی سەرۆکی دیوانی وەقفی شیعی کرد.

**پەیوەندییە مێژوویەکانی نێوان شیعە و کورد**

ئەو خاڵانەی کە شیعە و کورد لەیەک نزیک دەکاتەوە زیاترن لەوانەی کە جیایان دەکاتەوە، ئەمەش مێژووی هاوبەش و خەباتی دژ بە ڕژێمە دیکتاتۆرەکەی سەدام حوسەین دەگرێتەوە. " زۆرێک لە سەرکردە سیاسیە شیعەکان لەگەڵمان بوون لە سەنگەرەکان و شاخەکانی هەرێمی کوردستان. هەروەها ئێمە بەیەکەوە لەهەمان زیندانا بووین." ئەمە وتەی سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی ئەنجومەنی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو. پیرە ئاماژەشی بەوەدا کە ئەم خەباتە مێژووییە هاوبەشە زۆرجار هاندەر بووە بۆ سەرکەوتن بەسەر جیاوازیەکان، ناکرێت ئەم مێژووە پشتگوێ بخرێت".

*توێژەر لە ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ توێژینەوە (مێری)

دوابەدوای کەوتنی ڕژێمی سەدام حوسەین لەساڵی ٢٠٠٣دا، شیعە و کورد هاوپەیمانیەکیان دروست کرد بەمەبەستی بەدیهێنانی حکومڕانیەتێکی دیموکراسی. بە ووتەی جەعفەر ئیمێنکی ، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، " کورد وشیعە رۆڵێکی سەرەکیان هەبوو لە دروستکردنی عێراقی نوێ." لەپێناو ئەم ئامانجەشدا، هەردوولا بەیەکەوە کاریان بۆ پەسەندکردنی دەستوری عێراق کرد لە ساڵی ٢٠٠٥. هەڵبەتە، دەنگدەرە کوردەکانی پارێزگای نەوینەوا پاڵپشتیەکی زۆر گرنگ بوون بۆ پەسەندکردنی دەستوری عێراقی چونکە بەبێ دەنگی ئەوان، کامپەینی "نەخیر"ی عەرەبی سوونە کە لە پارێزگاکانی ئەنبار و سەلاحەدیندا سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو، لەتوانایدا بوو پەسەندکردنی دەستوری ڕابگردایە. بەگوێرەی یاساکان، گەر سێ (٣) پارێزگا دژ بە پەسەندکردنی دەستوور بوەستایەتەوە ئەوا دەستور پەسەند نەدەکرا.

دوای سەردەمی سەدام حوسەین، پەیوەندی کورد بە عێراق زیاتر بوو، بە گوێرەی وتەکانی عەرەفات کەرەم، سەرۆکی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی بەغدا، " هیچ کات کورد وەک دوای ٢٠٠٣،هەستی بە عێراقیبوونی خۆی نەکردبوو لەو کاتەی کە لەگەڵ شیعەکاندا بەهاوبەشی سیستەمی نوێی حکومڕانیان دارشت لە عێراقدا." زیاد لەوەش کەرەم وتی " لەژێر ئەو دەسەڵاتە نوێیەدا، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٢، کورد هەستی بە عێراقیبوونی کرد." پاش ٢٠٠٣ کورد بوونە بەشداریکەرێکی گەورە لە پرۆسەی بڕیاردان لە بەغدا و بەو پێیەی کە کورد، لەگەڵ شیعەکان، چەندین پۆستی باڵا و گرنگیان گرتە ئەستۆ لە نێو تێکرای جومگەکانی سیستەمی حکومڕانی لە عێراقدا.

## گلەیی و پەرتەوازەیی

ئەم هاوپەیمانیەتیەی نێوان کورد و شیعە چووە قۆناخێکی نوێوە و بووە جێی گومان لەو کاتەی کە پەیوەندی نێوان نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی رابردوو، و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووی لە خراپی کرد بەهۆی ناکۆکی لەسەر هەناردەکردنی نەوت و لە ئەنجامدا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق وەستێنرا. وە لەساڵی ٢٠١٧دا و لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستاندا لە ٢٥/ ئەیلول/٢٠١٨ دا، پەیوەندیەکانی نێوان شیعە و کورد زیاتر هەڵوەشانەوە.

دارێژەرانی سیاسات لە هەرێم دەڵێن هەر لەسەرتاوە سیاسەتەکانی بەغدا بەرامبەر بە کورد هانیدان بەوەی ڕوو لە ئەنجامدانی ریفراندۆم بکەن. بە وتەی سەعدی پیرە، " ریفراندۆم کاردانەوە بوو بەرامبەر بە شێوازی مامەڵەی بەغدا لەگەڵ کورد." هەمان سیاسەتمەدار ئاماژەی بەوەدا کە ریفراندۆم " بۆ گۆڕینی دۆخەکە یان دارشتنەوەی سنوور یاخود دروستکردنی واقیعي تازە نەبوو" بەڵکو ئەنجامدانی رێفراندۆم " ڕێکارێک بوو بۆ پرسیارکردن لە خەڵک سەبارەت بەوەی کە چییان بۆ داهاتویان دەوێت." بەڵام، بڕیاردروستکەرانی شیعە بەرهەڵستی ئەم بۆچوونە دەکەن و پێیان وایە کە کورد هەر لە ٢٠٠٥ەوە کاری جددی کردوە لەسەر پرۆژەی جیابوونەوە.

هەرچییەک مەبەستی حکومەتی هەرێم بووبێت، لە ئەنجامدانی ریفراندۆم، سەرۆک وەزیرانی عیراق، حەیدەر عەبادی، بەتوندی بەرامبەری وەستایەوە و بە نادەستوری و وەک هەوڵێک بۆ زیاتر لاوازکردنی عێراق وەسفی کرد. بەهەمان شێوە، مەرجەعیەتی شیعی دژایەتی ریفراندۆمی کرد. لە ئەنجامدا، بەغدا هەستا بە گرتنەبەری چەندین ڕێکاری سزایی وەکو داخستنی فرۆکەخانەکان بە ڕووی گەشتە نێودەوڵەتیەکان و کۆنترۆڵکردنی ناوچە جێناکۆکەکان بە باکارهێنانی هێز بەکەرکوکی دەوڵەمەند بەنەوتەوە.

بەڵام ڕەنگە ڕەوا نەبێت تەنها لۆمەی یەک لا بکرێت بۆ دروستبوونی ئەم ئاڵۆزیە لە پەیوەندیەکانی نێوان بەغدا و هەولێردا. خۆ دروستبوونی ئەم نالەباریە لە ئەنجامی " کرداری سیاسەتمەدارانی هەردوو لایە بەوەی کە کارەکانیان بە باشی نەکردوە، هەر بۆیە دەبێت سوود لە هەڵەکان وەربگرین و لاپەرەیەکی نوێ بکەینەوە، چونکە بە پێچەوانەی ئەمە ڕووبەڕوی کێشەی دیکەمان دەکاتەوە لە داهاتوودا"، بەگوێرەی وتەکانی هادی عەلی، سەرۆکی ئەنجومەنی سیاسی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان. ئەو ئاماژەشی بەوەدا کە " عێراق لەوپەڕی لاوازیدایە لەبەر دۆخی نالەباری ناوخۆیدا کە بوونە هۆی دروستبوونی مەترسی لەسەر یەکپارچەیی خاکەکەی و یەکگرتویی خەڵکەکەی." ئەم خاڵە لاوازانە بە هەمان شێوە دەستێوەردانی دەرەکی لە عێراقدا ئاسان کردوە.

## کەمکردنەوەی جیاوازیەکان و سوودوەرگرتن لە ڕابردوو

کۆمەڵگا جیاوازەکانی نێو عێراق دەتوانن لە ڕێگای گۆڕینی ڕێچکەی ململانێیەکان پێکەوەژیان بەدەستبهێنن. لە ڕیگەی یارمەتیدانی هاوڵاتیان و بەشداری پێکردنیان لە پرۆسەی ئاشتەوایی و دروستکردنی ئابوریەکی بەهێز، بڕیاربەدەستان دەتوانن سەقامگیری و ئاشتی و خۆشگوزەرانی بەدیبهێنن. ڕوونە کە بەبێ ئەنجامدانی ئاشتەوایی، ئەو دەستکەوتانەی بەدیهاتوون وەکو بەزاندنی داعش وسەرکەوتنە سەربازیەکانی دیکە لەدەست بچن و لەیاد بکرێن.


MERI Middle East Research Institute

یەکێک لە نیشانەکانی سەرکەوتنی ئاشتەوایی، کۆکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانە بۆ تاووتوێکردنی بابەتەکان بەکراوەیی و بەبێ هەستکردن بە بوونی مەترسی و تۆڵەسەندنەوە. هەڵبەتە، بەدرێژایی کۆبوونەوەکان لە شاری نەجەف، سیاسەتمەدارە کورد و شیعەکان ڕوانگە و بیر و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە داهاتو خستە ڕوو و بەگشتی ئاماژەیان بەوەدا کە بەدیهێنانی دیموکراسیەت و سەقامگیری لەسەر بنەمای سەروەری یاسا تەنها ڕێگەی چارەسەرە. ئەوان بەگشتی هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە ئەگەر عێراق بەهێزبوایە ئەوا بەشێکی نەدەکەوتە ژێر دەستە گرۆپە تیرورستیەکانەوە و دەرئەنجام ئەو هەمو ئازار و زیان وکوشتن بڕین و داڕمانی ئابووری و وێرانکاریە فراوانە لە موڵکی گشتی و خەڵک، نەدەکەوتەوە.

لێرەدا پێویستی چارەسەر دەردەکەوێت. " ئێمە هاتوین بۆ ئەوەی ئاستی تەنگژە لە نێوان هەردولا کەم بکەینەوە و ئامادەسازی بکەین بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی ڕاستەقینە." ، بەگوێرەی وتەکانی سەعدی پیرە. بێگومان گفتوگۆی ڕاستەقینە و ڕاشکاو وبەگوێرەی دەستوری عێراقی، کلیلی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسیردراوەکانە لە نێوان بەغدا و هەولێر. لەم بارەیەوە جەعفەر ئیمینکی وتی " ڕاستە کە کۆمەڵێک بابەت هەن کە بە بێ چارەسەر ماونەتەوە لە نێوان هەردوولا کە بوونەتە هۆی دروستبونی پشێوی، بەڵام ئێمە لە کۆتاییدا بەرپرسین لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە. ڕەنگە بۆچوونی جیاوازمان هەبێت لە سەر پرۆسەی چارەسەرکردنیان بەڵام هەر چارەسەر دەبن." ئەوەی پێویستە بکرێت بەدامەزراوەییکردنی پرۆسە و میکانیزمی ئەنجامدانی دیالۆگە لە عێراقدا.

**دەرنجام و پێشنیازی پۆڵەسی**

ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هەلێکی مێژووی هاتۆتە پێش بۆ دروستکردنی حکومەتێکی تازە و هەمەگیر لە عێراقدا. بێگومان لە بەرژەوەندی هیچ لایەنێک نیە کە لە قەیراندا بمێنێتەوە. تا ئاستێک، هەموو لایەنەکان بە لایەنی کوردیشەوە کە بەشدارن لە حکومڕانی لە بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٣وە، بەرپرسن لە سەرکەوتویی و شکستی ئەزموونی حکومڕانی لە عێراق. هەریەک لە بەغدا و هەولێر دەبێت سوود لە ڕابردوویان وەرگرن و وبەرهێنان لە بەهێزکردنی دامودەزگاکانی هەردوو پایتەخت بکەن. هەردوو لایەن دەبێت هەوڵ بدەن جیاوازیەکان کەم بکەنەوە لە کاتێکدا کە قەبارەی کێشەکان بچووکن و مایەی چارەسەرکردنن.

بەدیهێنانی هاوبەشی ڕاستەقینە دەبێت ببێتە کاری سەرەکی هەردوولا چونکە لە نەبوونیدا کۆمەڵێک ناکۆکی سەریان هەڵدا لە نێوان لایەنەکان. بۆ نموونە، لایەنی کوردی دەیەوێت بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە نێو پرۆسەی سیاسیدا، نەک وەک بەشداریکەر. " لەمڕۆدا، کێشەکە ئەوەیە کە ئەو عەقڵیەتەی لە بەغدا هەیە بڕوای بە هاوبەشی نیە؛ بە کورد وترا ئەبی پەرپرسیاریەتیەکان بگرێتە ئەستۆ بێ ئەوەی مافەکانی بدرێتێ؛ حکومەتی عێراقی بە عەقڵیەتی براوە و دۆڕاوە کاردەکات، بەوتەی هادی عەلی. لەم بارەیەوە، بەغدا، دەبێت هەوڵی جدی بدات گرژیەکان لەگەڵ هەولێر هێور بکاتەوە. لەلای خۆیەوەش مەحموو رەزا، پەرلەمانتاری عیراق لەسەر لیستی بزوتنەوەی گۆڕان، گوتی "زۆران لە ئێمە دەوڵەتی هاوڵاتی و دیموکراسیەتی عیراقی پێ باشترە لە دەوڵەتی نادیموکراسی کوردی، بۆیە دەبێ ئەولەویەتمان بۆ دروستکردنی حوکمی دروست بێ."

بەشداربوانی مێزگردەکە لە دیوی ڕێکخراوە شیعەکاندا بریتی بوون لە ناسر ئەلروبەیعی، سەرکردە لە نێو سەدریەکان و وەزیری پێشووی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و عەدنان ئەلزەرفی، سەرۆکی بزوتنەوەی وەفاء کە بەشێکە لەو هاوپەیمانیەتیەی حەیدەر عەبادی سەرۆکایەتی دەکات و سامی ئەلعەسکەری، سەرکردە لە هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا و ڕاوێژکاری نوری ئەلمالیکی – جێگری سەرۆك كۆمار، و ئەحمەد ئەلفەتلاوی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی نەتەوەیی حیکمە بوون. لەبەر ئەوەی مێزگردەکە (بەپێچەوانەی سێمینارەکەی پێشتر) بەپێی ڕێنمایی چاتام هاوس بوو، گوتەکانی مێزگردەکە بەبێ ناو دەمێننەوە، بەڵام ئەوانە بە شێوەیەکی گشتی جەختیان لەوە کردەوە کە بەهەمان شێوە، دەبێت هەولێریش هەوڵبدات کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات. هاوکات " پێویستە کورد بەڕوونی قبوڵی بریاری دادگای فیدراڵی بکات و هەندێک لەدەسەڵاتەکانی بداتە دەسەلاتی فیدراڵی." لەم بارەیەوە ، یەکێك لەو سەرکردانە گوتی" کوردستان وەکو دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتێکی دیکە ڕەفتار دەکات و ئەگەر ئەمە گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، ئەم ڕەفتارە دەبێتە هۆکاری لاوازکردنی حکومەتی فیدراڵی".

هەروەها سیاسەت دارێژەرە شیعەکان لۆمەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد بەوەی کە سودی لەبوونی بە بەشێک لە عیراق کردوە بێ ئەوەی لە بەرامبەردا سودی ئەوتۆی بۆ عێراق هەبوبێت. بۆ نموونە، حکومەتی هەرێم لە ١٧٪ ی بودجەی گشتی عێراق وەرگرتوە بێ ئەوەی داهاتەکانی بگەڕێنێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت لە بەغدا. هەروەها، حکومەتی هەرێم داهاتی خاڵە سنوریەکان و رسومات و داهاتی نەوت نانێرێت بۆ بەغدا لە کاتێکدا حکومەتی هەرێم کۆنترۆڵی سنورەکان لەگەڵ تورکیا و ئێران و فرۆکەخانی سلێمانی و دهۆکیش دەکات.

زیاد لەوەش، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت هەوڵی زیاتر بدات بۆ ئەوی هاوڵاتی عێراق هەست بکات کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، چونکە " ئێمە نامانەوێت هاوڵاتی عێراقی باشور و ناوەند وا هەست بکەن کە ئەوان لە عێراق نین کاتێک کە سەردانی هەولێر دەکەن". لایەنی کوردی دەبێت ئەوە ڕوون بکاتەوە کە ئایا ئەیەوێت ببێتە سەربەخۆ یاخود ئەیەوێت وەک بەشێکی عێراق بمێنێتەوە." دیارە سیستەمی حکومڕانی لە عێراقدا پێویستی بە گوڕانکاریە و دەستورەکەشی دەبێت بە گشی جێبەجێبکرێت. ئاماژە بەوە درا کە " ئێمە ناتوانین بە عێراق بڵێین دەوڵەتێکی فیدراڵی لە کاتێکدا تەنها یەک هەرێمێکی فیدراڵی هەیە".

جگە لەمەش ، پێویستە سیاسەتدارێژەرانی هەردوو لایەن بڕەو بە شوناسی نەتەوەیی عێراقی بدەن و شوناسە لاوەکیەکان بخەنە لاوە. لەسەر ئەم بابەتە، یەکێك لەسەرکردە شیعەکان وتی " کێشەکە ئەوەیە کە لایەنی کوردی خۆیان وەکو عێراقی دانانێن بەڵکو ئەوان خۆیان وەکو بەشێک لە کوردستانی گەورە دادەنێن، لەهەمان کاتدا، شیعەکان خۆیان وەک بەشێک لە هیلالی شیعی دادەنێن و سونەکانیش خۆیان وەک بەشێک لە هێزێکی سوونی ناوچەیی دادەنێن." ئەمە پێویستی بە گوڕانکاریە و تێکڕای لایەنەکان دەبێت بڕەو بە هەستی نەتەوەیی گشتگیر بدەن.

لە کۆتاییدا، ئەرکی هەمو سیاسەتدارێژەرانە کە هەوڵبدەن مافەکانی تێکڕای لایەنەکان فەراهەم بکەن بەبێ گوێدان بە ئینتمای ئیتنی و ئاینی وناوچەیی. بەڵام، پێش جێبەجێکردنی ئەم خاڵە، دبێت دەسەڵاتداران ئاگاداری کێشەکانی تێکڕای خەڵک ببنەوە دوربکەونەوە لە تەنها گوێدان بە دەنگدەرکانیان. ئەمەش ڕەنگە پێویستی بە دامەزراندنی کۆمیتەیەک بێت کە بتوانێت دیراسەتی هەمو کێشەو پێداویستیەکان بکات لە سەر ئاستی عێراق و دواجار چارەسەر پێشکەش بکات، ئەمە پێشنیازی زۆرێک لە ئامادەبوان بوو.

لە میانی پێشکەشکردنی وتارەکەیدا، دلاوەر عەلائەدین، سەرۆکی ئینستیتیوتی مێری جەختی لە سەروەرکردنی یاسا و دامەزراندنی بنەماکانی سیستەمی حوکمڕانی دروست کردووەوە و گوتی "کاتی ئەوە هاتووە کە ئاڵوگۆڕی ڕوانگەکان لەسەر چۆنێتی جێبەجێکردنی دەستوور بکرێ بە ناوەرۆکە تێروتەسەلەکەیەوە و توێژی سیاسەتمەدارانیش بۆشاییە یاساییەکان پڕ بکەنەوە و کار بۆ سەربەخۆکردنی دادگا بکەن، وە کاتی ئەوە هاتووە کە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا بەدامەزراوەیی بکرێ لەسەر بنەمای شەراکەتی دەسەڵات و بڕیاری سیاسیی بەپێی دیموکراسیەتی تەوافوقیی."

بەکارهێنانی وەکو سەرچاوە: یاسر کوتی، خۆگر وریا (٢٠١٨) ئاسۆی ئاشتەوایی نێوان کورد و شیعە لە عێراق، سەرنجی سیاسی. بەرگی ٤، ژمارە ١٨، ٢٠١٨

---

ئەم بیرو رایانەی لەم بابەتەدا خراونەتەڕوو بیروبۆچونی نوسەر خۆین و مەرج نیە کە بیروبۆچونی ئینستیتیوتی مێری بن.